**گەشتێکی دوو هەفتەیی بۆ کوردستان**

ڕۆژی 2009/2/16 گەیشتمەوە هەولێر، هەفتەیەک پێشتر، کاروان عارف لە ڕێکخراوی کۆمەک، هەردوو مامۆستا کاترینە گراڤداڵ و ڕۆناڵد لارشن، لە قوتابخانەی ئۆرانیەنبۆرگ لە ئۆسلۆوە لەگەڵ خۆیدا بردبۆوە بۆ کوردستان. لە هەردوو شاری مەخموور و کۆیە کۆرسیان بۆ 40 مامۆستا سازکردبوو. کۆرسەکان چوار تەوەری گرنگیان لەخۆ گرتبوو:

**تەوەری یەکەم :** هەڵسوکەوتی مامۆستا لەگەڵ منداڵدا، بینین و مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵ بەڕێزەوە.
**تەوەری دووەم :** دابین کردن، یاخود هێنانە کایەی کەشی ئاسوودە لە پۆلدا، هەروەها دانانی ئامانجی ڕوون بە شێوەیەک منداڵ دەبێت بزانێت بەرنامەی وانەکانی ڕۆژەکە چین و چ بابەتێک دەخوێنن، تا بتوانێت لە ڕووی دەروونییەوە خوی بۆ تێگەیشتنیان ئامادە بکات.
**تەوەری سێیەم :** شێوازی وانەگوتنەوەی کارا و چالاک کردنی توانای خوێندنەوەی منداڵ و دیاری کردنی ئاستەکانی تواناییان.
**تەوەری چوارەم:** وانەی گفتوگۆ، تەرخان کردنی وانەیەک (بۆ نموونە هەفتەی وانەیەک، یان بەگوێرەی کات) بۆ باس کردنی کێشەکان، چ کێشەی پۆلەکە بەگشتی، یان کێشەی نێوان منداڵەکان، شێوازێک لەم جۆرە وانەیە وانەی ((پیاسەی گفتوگۆ))شی پێدەڵێن.

کۆرسی یەکەم لە شاری مەخموور بوو، بۆ هەندێک لە مامۆستایانی پرۆژەکانی مەخموور و هەولێر. نێزیکەی 40 مامۆستا تێیدا بەشداربوون. لە مەخموور فێرگەی چرا تازە کراوەتەوە و زۆربەی منداڵانی پۆلی یەکەمی شاری مەخمووری تێدایە. پرۆژەکە لە 10 پۆلدا پیادە دەکرێت، (5 پۆلی یەک، 3 پۆلی دوو، 2 پۆلی سێ). هەر لە مەخموور پرۆژەیەکی دیکەش بە ناوی مامۆستا مەسعوود محەمەد لە فێرگەی بازاڕگە، لە 8 پۆلی 1 تا 4، پیادە دەکات و پێشکەوتنێکی بەرچاوی پێوە دیارە. هاوکات لە فێرگەی قەرەچوخیش هەمان پرۆژە بۆ پۆلی یەکەم پیادە دەکرێت.

**ڕۆژی 2/17 کۆیە (دووەم ڕۆژی کۆرسەکە)**
بەیانی، سەعات 8 لە هەولێرەوە گەیشتینە کۆیە. نزیکەی 220 مامۆستا لە هۆڵی قوتابخانەی نەورۆزی بنەڕەتی کۆیە، ئامادەبوون. ڕۆژی دووەمی کۆرسەکەیان، سەعات هەشت و نیو دەستی پێکرد (ئەم کۆرسە هەمان کۆرسی مەخموور بوو، 2/16 دەستی پێکردبوو) مامۆستایانی قوتابخانەکانی نەورۆز، چرا و کوردستان، لە کۆیە، تێیدا بەشدار بوون.
لەو بەشەی کۆرسەکە بە وانەی پیاسەی گفتوگۆ، یان دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، مامۆستاکانیش هەمان شێوەی قوتابییەکان بەشداربوون، دوو دوو، چوونە حەوشە و بەدەم پیاسەکردنەوە، باسیان لە کێشە و چۆنیەتی لە قوتابخانە بووندا دەکرد.
لە کۆتایی کۆرسەکە، دەرفەت بۆ من ڕەخسا بەشێوەیەکی گشتی کورتە باسێکی فەلسەفە و بابەتی فەلسەفە بۆ منداڵان و گرنگی و کاریگەری ئەم شێوازەی لەسەر ڕاهێنانی منداڵ بە بیرکردنەوەی فەلسەفیانە و تێڕامان بکەم.

دواتر لەگەڵ گشت مامۆستاکان، چوینە سەردانی مۆزەخانەی قشڵەی کۆیە و هەندی لەو بابەتە مێژووییە بێ هاوتایانەی لە قشڵەکەدا هەبوون، سەرنجی گشتمانی ڕاکێشا، دواتریش چوینە ناو بازاڕ و سەردانی کاروان سەرا (خان)ی کۆیەمان کرد.



(ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ ڕۆناڵد و کاترینە، ئەوەبوو، زۆربەی مامۆستایانی، کۆیە یەکەمجاریان بوو بچنە سەردانیی ئەو شوێنانە!)

پاش نیوەڕۆ، چوینە سەردانی باخچەی منداڵانی زانکۆی کۆیە، بە شێوازێکی نوێ ڕازانرابوەوە و بەڕێوەبەر و ستافی باخچەکەش، زۆر مۆدیرنانە کاریان دەکرد. دواتر سەردانی فەرهەنگخانەی کۆیەی سەر بە وەزارەتی وەرزش و لاوانمان کرد. پاشان چووینە قوتابخانەی کۆسرەتی بنەڕەتی،

نزیکەی 1200 قوتابی تێدا دەخوێنێت. بڕیار درا لەو قوتابخانەیەش بێتە ژێر پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ. ئێوارە، نزیکی سەعات 7 گەیشتینەوە هەولێر.

**ڕۆژی 2/18 ڕەواندوز**



بەیانی سەعات 5 لە هەولێر دەرچوین، سەعات 8 لە قوتابخانەی پاشای گەورە بووین، لە ڕەواندوز. بڕیاربوو کۆرسەکە سەعات هەشت و نیو دەستپێبکات، بەڵام بەهۆی دواکەتنی مامۆستایانی دەڤەری بادیان کەوتینە سەعات نۆ و نیو. 48 مامۆستا لە بارزان، چەم سەیدای بەرواری باڵا، ڕەواندوز و ئامێدی هاتبوون ئامادەی کۆرسەکە بوون. بەهەمان شێوەی کۆرسەکانی پێشوو، کاترینە و ڕۆناڵد، بابەتەکانی خۆیان، تا سەعات 5 ی ئێوارە لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی ڕەواندوز، گوتەوە،

گشت مامۆستاكان بۆ نانی نیوەڕۆ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران داوەت کران. ئێوارە چوینە سەیری خەرەندی ڕەواندوز و ئەشکەوتەگۆمی کە دوو دیاردەی سروشتی بی هاوتان ! هەروەها سەردانی جوندیان و تۆپەکەی وەستا ڕەجەبیشمان کرد.
جندیان، ئەو شوێنەی بە هەڵە زۆرکەس بە جوندییان، ناوی دەنەن. جندیان، کۆی وشەی جند، یان جنۆکەیە، ئەم ئەشکەوتە گۆمە، چاڵێکە نزیکەی 10 تا 15 مەتر قوڵە، لە بەهاراندا ئەشکەوتەکە، پڕ دەبێت لە بەفراوی تواوەی کێوەکان، دزە دەکات و پڕ دەبێت، لە سەرەتادا، کەفاو لە ئەشکەوتەکە دێتە دەرەوە، خەڵکی بڕوایان وابووە، کە ئەوە جنۆکەن لە ئەشکەوتەکەدا خۆیان دەشۆن و ئەو کەفاوە دروست دەکەن، لەبەر هەندێ ناویاناوە جندیان.
بێ خاڵ و گەلی، یەکێکن لە جوانترین دیمەنی سروشتی کوردستان.







**ڕۆژی 2/19 ڕەواندوز**

ڕۆژی دووەمی کۆرسەکە، بەشی پراکتیکی، لە یەکێک لە پۆلەکانی قوتابخانەی پاشای گەورە، سیستەمی پرۆژەی هاوچەرخ، لە پۆلەکانی 1، 2 و 3 ، پیادە دەکەن، لە سەعات 8 تا 12 ی نیوەڕۆ بەڕێوە چوو. دوای سەعات 12 ئەو مامۆستایانەی لە دەرەوەی ڕەواندوزەوە هاتبوون، ڕۆیشتنەوە. سەعات یەک و نیو، تا سەعات چواری پاش نیوەڕۆ، کۆرسێکی تایبەتم دەربارەی فەلسەفە بۆ منداڵان، بۆ 18 مامۆستای قوتابخانەی پاشای گەورە ساز کرد. باسی گرنگی بابەتەکە و شێوازی بەکارهێنانی کتێبی 52 پرسیاری فەلسەفی بۆ منداڵان و کتێبی 7وانەی فەلسەفی، بۆ پۆلەکانی 7، 8 و 9 کرا. تێکڕا مامۆستاکان لە گفتوگۆکاندا بەشداربوون و گەلێ پرسیار و سەرنج و تێبینیان هەبوو. بڕیار درا کتێبی 52 پرسیار لە پرۆژەکەدا بەکاربهێنن. ئێوارە گەڕاینەوە بۆ هەولێر.



**2/20 لالش، ئاکرێ، خنس**



ئەمڕۆ هەینی، لەبەرئەوەی ڕۆژی پشوو بوو، گەشتێکمان بۆ چەند ناوچەیەکی تایبەت ساز کرد. بەیانی سەعات 6 لە هەولێر بەرەو لالش دەرچووین. لالش پەرستگەی سەرەکی یەزیدییەکانە، جگە لەوەی جێگەیەکی مێژووییە (زیاتر لە 1000 ساڵە)، مەڵبەندێکیشە بۆ زیندوو هێشتنەوەی ئایدیا و فەلسەفەی دینی و دنیابینی کورد.

خنس. لانکی شارستانی بەر لە 3000 ساڵ، مەڵبەندی شارستانی ئاشووری و ئەشکانی و مادد. ئاکرێ مەڵبەندی شارستانی لە مێژینەی کورد.

شەو گەیشتینە ڕانیە.

**2/21 ڕانیە**

گروپەکەمان بوو بە دوو بەشەوە. کاترینە، لە سەعات 8 تا 12 لە باخچەی منداڵانی ڕانیە، کۆرسێکی بۆ 32 مامۆستا و یاریدەدەری باخچەکانی ڕانیە و حاجی ئاوا، دەربارەی چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵاندا و چالاک کردنی هەستەکانیان بۆ زیاتر فێربوونیان و بەکارهێنانی شێوازی شانۆکاری لە گێڕانەوەی چیرۆک و بابەتەکانی دیکەی فێرکاری بۆ منداڵانی ئەو قۆناخە، ساز کرد.

**2/21 سەنگەسەر**

سەعات 8 تا 12ڕۆناڵد، لە سەنگەسەر کۆرسی بۆ مامۆستایانی، سەنگەسەر، قەڵادزێ، سەیدئەحمەدان و ژاراوە، لە قوتابخانەی ناودەشت لە سەنگەسەر بە ئامادەبوونی 60 مامۆستا، سازدا.

دوای نیوەڕۆ، سەعات 1 کۆرسەکە دەستپێکردەوە، کاترینە، لەم بەشەی کۆرسەکەدا هاوکاری ڕۆناڵدی کرد. کۆرسەکە تا سەعات 4 درێژەی کێشا.

**2/22 سەنگەسەر**

سەعات 8 ی بەیانی تا 12، بەشی دووەمی کۆرسەکە دەستپێکرد، کاترینە و ڕۆناڵد، بە کردەوە، بابەتی کۆرسەکەیان نیشان مامۆستاکاندا، دواتر هەندێ پرسیار و بیروڕا گۆڕدرانەوە. ئەمە دواهەمین بەشی کۆرسەکانی کاترینە و ڕۆناڵد بوو.

لە سەعات 1 تا 4 ، سێمینارێکی تایبەتم سەبارەت بە فەلسەفە بۆ منداڵان و بابەتێکی بۆ مامۆستاکان ساز کرد، بەتایبەتی دەربارەی کتێبی 52 پرسیار و جۆنیەتی گوتنەوەی وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان. لە کۆتاییدا چەند پرسیار و گفتوگۆ کرا.

شەو گەڕاینەوە هەولێر. ڕۆژی 2/23 کاترینە و ڕۆناڵد لە هەولێرەوە بەرەو ئۆسلۆ، فڕین.

**3/23 کۆیە**

سەعات 8 لە هەولێرەوە گەیشتینە کۆیە بۆ قوتابخانەی نەورۆزی بنەڕەتی. 80 مامۆستا لە قوتابخانەی کۆسرەت و کۆیە، و نەرمین خانم



بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیە، سەرپەرشتیاری یەکەم و مامۆستا ئەسوەد، لە هۆڵی قوتابخانەی نەورۆز ئامادەبوون، مامۆستاکان زوتر چووبوونە سەردانی قوتابخانەی ژینی کۆیە و قوتابخانەی نەورۆزیش بۆ خۆی سیستەمی پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ پیادە دەکەن. نزیکەی تا سەعات 12 چەند کۆرسێک و هەندێ گفتوگۆمان بۆ مامۆستاکان کرد، تا بۆ کۆرسەکانی داهاتوو ئامادەبن و خۆشیان بۆ گەشتی قوتابخانەکانی دەڵالان و ناودەشت، ئامادە بکەن.

سەعات، 1ی پاشنیوەڕۆ تا 3 کۆرسێکم بۆ 36 مامۆستای قوتابخانەکانی چرا و کوردستان، لە هۆڵی

قوتابخانەی چرای بنەڕەتی کۆیە، سەبارەت بە وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان و چۆنیەتی گوتنەوەی وانەکە و کتێبی 52 پرسیار و 7وانەی فەلسەفی، سازدا. بابەتەکە بەلای مامۆستاکانەوە، نوێ و سەرنج ڕاکێش بوو. دواتر هەندێ گفتوگۆ کرا. هەردوو ئەم قوتابخانانە پرۆژەی پۆلی هاوچەرخیان تێدایە.



**2/24 مەخموور**

سەعات 8 لە هەولێروە گەیشتینە مەخموور، سەرەتا چووینە سەردانی قوتابخانەی چرای بنەڕەتی و تا سەعات 11 لە پۆلەکان لەگەڵ مامۆستا و قوتابیەکاندا بووین و چەند تێبینی و ڕێنماییمان کردن و هەندێ کەلوپەل و پێویستییمان بۆ دابین کردن.
سەعات 11 چووینە سەردانی قوتابخانەی بازارگە (پرۆژەی مامۆستا مەسعود محەمەد) سەردانی پۆلەکانمان کرد، پۆلی 1 تا 4. سەعات 12 تا 2 ی نیوەڕۆ کۆرسێکی 2 سەعاتیم بۆ 14 مامۆستای پرۆژەکە لە قوتابخانەی بازارگە ساز کرد، دەربارەی گوتنەوەی وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان. باسەکە لەسەر کتێبی 52 پرسیار بوو، بەڵام باس لە کتێبی 7 وانەی فەلسەفیش کرا. بڕیار درا مامۆستاکان، بابەتەکانی کتێبی 52 پرسیار، لەگەڵ منداڵەکاندا، بکەنە بەرنامەی هەفتانە.
دوای سەعات 2 چووینە سەردانی قوتابخانەی مەخمووری بنەڕەتی و قوتابخانەی قەرەچووخ، دواتر، لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەخموورردا ڕێککەوتین، کە 4 پۆل، قۆناخەکانی 1، 2 و 3 بە شێوازی پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ کار بکەن.

**3/25 هەولێر**

لەگەڵ کاک کارزان مەلا هاوکاری کۆمەک سەردانی کاک ڕێبوار سیوەیلی، سەرۆکی کۆلێژی فەلسە، لە زانکۆی سەلاحەدینمان کرد بەمەبەستی باس کردن لە پرۆژەی ((فەلسەفە بۆ منداڵان)). دواتر بڕیاری هاوکاری لە نێوان کۆمەک و کۆلێژی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین بۆ ئەم پرۆژەیە درا. هەمان ڕۆژ لەگەڵ کاروان عارف و کارزان مەلا سەردانی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر، پاکیزە خانم و چەند بەرپرسێکی دیکە کرد و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی لە پایزدا 1000 پۆل لە هەولێردا بە سیستەمی پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ کار بکەن.

**3/26 سەنگەسەر**

بەیانی سەعات 6 لە هەولێرەوە بەرەو سەنگەسەر کەوتینە ڕێ، سەعات 8 لە قوتابخانەی ناودەشتی سەنگەسەر بووین. 24 مامۆستای قوتابخانەی کۆسرەتی بنەڕەتی کۆیە، لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و مامۆستا ئەسوەد، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، هاتبوونە سەنگەسەر، بۆ سەردانی قوتابخانەی ناودەشت. دوای دیتنی شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستاکانی پرۆژەکە، مامۆستایانی کۆیە لە هۆڵی کتێبخانەی قوتابخانەی ناودەشت کۆبوونەوە. سەرەتا مامۆستا مەسعوود، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناودەشت باسی ئەزموونەکەی خۆیان و سەرەتای دەستبەکاربوونیانی بۆ مامۆستاکانی کۆیە کرد. دواتر من باسی کۆمەک و پرۆژەکانی پۆلی هاوچەرخ و ئەزموونە جیاجیاکانم بۆ مامۆستاکان کرد.
سەعات 10 لە سەنگەسەرەوە، بەرەو دەڵاڵان، بەڕێکەوتین. پرۆژەی دەڵاڵان دووەم پرۆژەی کۆمەک بوو دوای کەندەکەوە. ئەم پرۆژەیە، بە هەوڵی گشت مامۆستاکانی، بەتایبەتی، مامۆستایان سابیر، سەید برایم و سەجاد، پێشکەوتنێکی بێ وێنەی بەخۆوە دیتووە. مامۆستاکانی کۆیە زۆر بە کار و چالاکی، مامۆستایانی ئەم پرۆژەیە سەرسام بوون.

دوای ئەوەی وانەیەکیان لەگەڵ مامۆستاکانی ئەم پرۆژەیەدا بەسەربرد، بەتەواوەتی بڕوایان بە سەرکەوتوویی و گرنگی پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ کرد. دواتر مامۆستا سابیر ، باسی کار کردن و ئاستەنگەکانی سەرەتای دەستبەکاربوون و چۆنیەتی چالاک کردن و بەشداری پێکردنی باوانی منداڵەکانی لە پرۆسەی فێرکاریدا بۆ کردن. مامۆستاکانی کۆیە سەعات 12 بەرەو کۆیە گەڕانەوە، ئێمەش بەرەو سەنگەسەر چوینەوە.



سەعات 2 تا سەعات 4 ی پاش نیوەڕۆ، کۆمەک بە هاوکاری فەرهەنگخانەی سەنگەسەر، سیمیناریکیان بۆ ڕێکخستم لە هۆڵی قوتابخانەی ناودەشتی سەنگەسەر. نزیکەی 40 کەسێک لە مامۆستایان و میوانی دیکە ئامادەی بوون. بابەتی سێمینارەکە سەبارەت بە فەلسەفەی پێداگۆگی/ فێرکاری بوو. دواتر هەندێک گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوە کرا. (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم باسە، بڕوانە سایتی وەزارەتی وەرزش و لاوان.) هەمان ئێوارە بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین.

### 3/27 سلێمانی

وەک پێشتر، سەید خالیدی ڕانیە، پەیوەندی لەگەڵ شوان محەمەد سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنەدا گرتبوو، بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بە کۆمەک و وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەمەڕ کارەکانی کۆمەکەوە لای ئاوێنە گرنگە، ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ کەسە چالاکەکانی کۆمەکدا بکەن، بۆ ئەو مەبەستە، چوینە شاری سلێمانی، بەڵام دۆستانی ئاوێنە کارەکەیان بۆ ساز نەبوو، دواتر بڕیاریان دا پرسیارەکانیانمان بە ئیمەیل بۆ بنێرن.

### 3/28 کۆلیجی فەلسەفە لە ڕانیە

سەر لەبەیانی، چوینە سەردانی بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیە و دواتر بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی ڕانیە، بڕیارە ئەم قوتابخانەیەش لەمەودوا، کار بە سیستەمی کۆمەک و پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ بکات. دواتر بە هاوڕێیەتی مامۆستا کاوە جەلال، سەرۆکی بەشی فەلسەفە لە کۆلیجی زانستە مرۆییەکانی ڕانیە، چووینە دیدەنی مامۆستا جەعفەر، ڕاگری کۆلیژەکە و بەکورتی باسی کار و پرۆژەکانی کۆمەک –مان بۆ کرد.



سەعات 10 تا 12 ی نیوەڕۆ، لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی ڕانیە، نزیک کۆلیژی فەلسەفە، سێمینارێکم بۆ خوێندکارانی کۆلیژی فەلسەفە سەبارەت بە ئازادی لە دیدگایەکی فەلسەفییەوە بە هاوکاری مامۆستا کاوە جەلال سازکرد، نزیکەی 120 خوێندکار ئامادە بوون، دواتر کۆمەڵێک پرسیار گفتوگۆ، لە لایەن ئامادەبووانەوە کرا. لە سەرەتای سێمینارەکەدا زۆر بەکورتی باسی ((فەلسەفە بۆ منداڵان))م کرد و ئاماژەم بە کتێبی(( 52 پرسیاری...))دا. جێی وەبیرهێنانەوەیە، هەندێک لە خوێندکارانی کۆلیژی فەلسەفە لە ڕانیە، لە سەرەتاوە کاریان لەسەر ئەو کتێبە کردووە.

سەعات 12 و نیو بەرەو کۆیە کەوتینە ڕێ، سەعات 2 ی پاش نیوەڕۆ لە قوتابخانەی کۆسرەت لە کۆیە، بە ئامادەبوونی 40 مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و مامۆستا ئەسوەد، سەرپەرشتیاری کۆیە، کاروان عارف، کۆرسێکی 2 سەعاتی، دەربارەی شێوازی وانە گوتنەوە و کار کردن لە پرۆژەی پۆلی هاوچەرخدا بۆ مامۆستاکان ساز کرد. سەعات 5 بەرەو هەولێر گەڕاینەوە..

### 3/1 هەولێر

سەعات 7 ی بەیانی، مامۆستایان، سابیر، سەید برایم و سەجاد، لە دەلالانەوە گەیشتنە هەولێر و لەگەڵ کاروان عارفدا، بەرەو مەخموور، کەوتنەڕێ. ئەو مامۆستایانە بۆ هاوکاری کردن و ڕێنمایی کردنی مامۆستایانی قوتابخانەی چرای مەخموور هاتبوون. ئێوارە سەعات 5 گەیشتنەوە هەولێر.

سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ گفتوگۆیەکم لەگەڵ کاک نوری بێخاڵی لە کەناڵی ئاسمان کوردستان تی‌ڤی سەبارەت بە ئامانجی پرۆژەکانی کۆمەک،

سازدا.

**3/2 هەولێر**

سەعات 8 ی بەیانی لەگەڵ کاروان عارف بە هاورێیەتی ڕێزدار بورهان ئەرگوشی، بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیاران، لە وەزارەتی پەروەردە چوونە سەردانی قوتابخانەی شەنگال لە هەولێر، ئەم قوتابخانەیە 9 پۆلی قۆناخەکانی 1، 2 و 3 ی بە سیستەمی پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ دەڕۆن. بە هەوڵ و دڵسۆزی مامۆستاکان و شلێر خانمی بەڕێوەبەر، پێشقەچوونێکی بی وێنەیان پێوە دیارە. شلێر خانم داوای لێکردین بەزوترین کات کتێبی 52 پرسیاریان بدەینێ و شێوازی گوتنەوەی وانەی فەلسەفە بۆ منداڵانیان فێر بکەین.



دواتر چووینە سەردانی، قوتابخانەی حەپسەخانی نەقیب، هەر لە هەولێر، ئەم قوتابخانەیەش پۆلەکانی 1، 2 و 3 ی سیستەمی پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ پەیڕەو دەکەن. بە شێوازی هەڵسوکەوت و کارکردنی مامۆستاکانیان زۆر سەرسام بووین.
ڕێزدار ئەرگوشی، ئەم شێوازە و توانا و لێهاتوویی منداڵەکان و هەڵسووکەوتی مامۆستاکان، بە جاری سەرسامی کرد، گەلێک تێبینی لەسەر پرۆژەکان لە لای خۆی تۆمارکرد و بڕیاریدا، کار بۆ ئەوە بکات ئەم پرۆژانە لە گشت قوتابخانەکانی هەولێر و کوردستان بەگشتی پەیڕەو بکرێت.
سەردانەکانمان تا نزیکەی سەعات 12ی خایاند.
سەعات 2ی پاش نیوەڕۆ، چوومە فڕگەی نێودەوڵەتی و سەعات 4 هەولێرم جێهێڵا و بەرەو ئۆسلۆ گەڕامەوە.

کارون عارف، هێشتا هەر لە کوردستانە.

کەریم مستەفا.
ئۆسلۆ 2009/3/4